منداڵ لەنێوان خێزان و گرێیەستی هاوسەرە دۆڕاوەکاندا

هاوڕێ کاسترۆ

سروشتی مرۆڤ وژیانی ئەوە دەرخسێنێ، کە بەردەوام بەدوای نهێنی ژیان وگەشەکردن ولەجوڵاندا بێت لەپێناوی ژیانە بەئاراستەی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ. بۆیە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشت ودەوروبەری، بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی باشترو ئارام ترە. بۆ مانەوەی مرۆڤ لەزەویدا. ئەگەرچی زەوی بێ بوونی مرۆڤ ماناو پێناسەو بوونی خۆی لەدەست دەدات، بۆیە مرۆڤ بەردەوام بەدوای نهێنی بوون و بەرهەم هێنانی مرۆڤی تردا وێلە، بۆ ئەوەی جێگای ژیانی ئەو بگرێتەوەو درێژە بەژیان بدرێت. لەبەرئەوەیە گرێبەستە خێزانیەکانیش جگەلە پاڵێنەرە سێکس ودرێژەدان بەبوونی مرۆڤ هیچ مانایەکی تر بەژیان نابەخشێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرجار گرێبەستە هاوسەرەکانیش لەو پێناسە گشتگیرییە دەردەچن وکارەسات بەدوای خۆیاندا دەهێنن ودەیان روداوی تراژیدیای لێ دەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی زۆرترین ئەو گرێبەستە هاوسەریانەی لەکۆمەڵگای کوردی بەتایبەت لەناوچە سنوریەکان ئەنجام دەدرێت جگەلە پاڵنەرە سێکس و پاڵنەرە کەلتوریەکە هێمای بەیەکتر گەیاندنی نێوەمێ وهاوسەرگیری نەك زادەی خودی مرۆڤەکان بێت، بۆیە بەردەوام دەبینیت جیابونەوەو گرفتی توندوتیژی لەنێوان ژن ومێردەکان لەزیادبوونداید ئەمەش پرۆسەی گرێبەستە هاوسەریەکان دەخاتە مەترسیەوە لەم نێوەشدا قوربانیەکان دەست پێدەکەن قوربانی یەکەم لەهەڵوەشانەوەی خێزاندا ئەو منداڵانانەن کە دەبنە خۆراکی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو چارەنوسێکی نادیاریان دەبات، دواجار ئەو منداڵە بەناتەندروستی ئامادە دەکرێت ورەوانەی ناو کۆمەڵگا دەکریت، لەلایەکی تر جگەلە منداڵانیش قوربانی دووەم ئافرەتەکانن کە دەبنە خۆراکی دابونەریتی کۆمەڵگای کوردی دواجار وەك کەسێکی دابڕاوو سوك لەکۆمەڵگادا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش دەرەنجامی ئەو پرۆسە ناتەواو بێ بنەما هاوسەرگیرییە کە دوور لەبنەما سەرەکیەکانی هاوسەرگیری و ئازادی تاك لەکوردستان ئەنجام دەدرێت بەو پێوانەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە بەسەدان کارەساتی لێ کەوتۆتەوە ئەوەی لەو بابەتەدا دەمەوێت باسی بکەم روداوێکی خەماویە کە لەئەنجامی هەڵوەشانەوەی پرۆسەیەکی هاوسەرگیری دۆڕاودا بەرهەم هاتووە. کچ وکوڕێك دوای پرۆسەی هاوسەرگیری ودوای چەند مانگێك بەر لەوەی منداڵەکەیان لەدایك بێت کێشە دەکەوێتە نێوانیان بەگوتەی پیاوەکەی ئەو منداڵە لەو نیە و بەهی خۆی نازانێت، بەگوتەی ژنەکەش پیاوەکە راست ناکات دەڵێت بوختانم بۆ دەکات، ئەمەش دەبێتە خاڵی ناکۆکی کێشەکە وپەرەدەستێنێ بۆ جیابوونەوە بۆیە لەیەکەم رۆژی لەدایك بوونی منداڵەکە، وەك دابی گشتی کولتوری کوردی منداڵەکە دەنێردرێتەوە بۆ مالی باوکی پەلام باوکی منداڵەکەو کەسوکاری منداڵەکە قبوڵی منداڵەکە ناکەن ودەیگەڕێنەوە بۆ مالی دایکی، کەسوکاری ژنەکەش وەك گوێرایەڵیەك بۆ دابی گشتی کولتوری کوردی ئەمە بەسوکایەتی دەزانن ئەوانیش قبوڵی منداڵەکە ناکەن دواجار چەند کەسێك ئەو منداڵە دەگێڕنەوە پۆ نەخۆشخانە بۆ لای ژنێك، ئەم ژنە منداڵەکە قبوڵ دەکات ودەیگرێتەخۆی، وەك دوو لایەنی گرنگ، یەکەم بەمەبەستی بازرگانی ودووەم وەك هەستێکی ئینسانی. بۆیە دواجار ئەو منداڵە لەبەرامبەر چوارهەزار دینار چاپی کۆن دەفرۆشرێت بەماڵێك کە چەندین ساڵە بەدوای منداڵێکدا دەگەڕێن. کارەسات لێرەدایە لەورۆژەوەی ئەو منداڵە دەفرۆشرێت بەسێ قۆناغی مەترسیدار تێدەپەڕێت: قۆناغی یەکەم : بێ ویژدانی دایك وباوك وکەسوکاری ژن وپیاوەکە. قۆناغی دووەم: بازرگانی وهەستە ئینسانیەکەی ئەو ژنەیە کە ئەو منداڵانەی دەکەونە بۆسەیەوە دەیانگرێتەخۆی ودواتر لەبەرامبەر بڕێك پارەدا دەیانفرۆشێتەوە ئەو منداڵانەی کە بەدوای منداڵدا دەگەڕێن. قۆناغی سێیەم : ئەو منداڵەیە کەمنداڵەکە دەکڕێت. بەمەش بەرلەوەی منداڵەکە بچێتە سێبەری منداڵەکە کەسانی دەوروبەر ومنداڵەکەش دەزانن کردراوەو بەرهەمی گرێبەستێکی دۆڕاوو بێ ویژدانی دوو مرۆڤە. کەبەرلەوەی هاوسەربن دووژمنی یەکتر بون. بەلام باوکی یەکتریان رازی کردووە بۆ هاوسەرگیریەکە ئەمەش ئەم پێوانە ناتەندروستەیە کە پرۆسەی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگای کوردی تەواو پەکخستووە، لەبری خۆشی کارەساتەو ئامانجی پرۆسەی هاوسەرگیری کردۆتە پاڵنەرێکی سێکسی و لەوبەشەدا فۆرمەلەی کردۆتەوە بۆیە کاتێك تێڕبونی سێکس لە پرۆسەی هاوسەرگیردا روو دەدات ئەوسا گرفت وشێواوی و جیابوونەوە لەناو خێزانەکاندا زیاد دەکات منداڵەکانیش لەم نێوانەدا دەبنە قوربانی ئەو پرۆسە دۆڕاوە. ئاخۆ چ مرۆڤێکیان لێ دەربچێت ئارام یان توندوتیژ ئەی کێ بەرپرسیارە لەکاتێکدا ئەو منداڵانە چ تاوانێکیان هەیە لەدروست بونیان، بۆیە دەبێت بنە قوربانی ئارەزوەکانی دوو مرۆڤ کە لەپێناوی خۆشیەکی کاتیدا، منداڵێك دەسپێرن. بە دۆزەخ بۆیە چارەنوسی ئەو منداڵە لەو رۆژەوەی لەدایك دەبێت بەدۆخێکی نائارامدا گوزەر دەکات سروشتی ژیانی لێ تاڵ دەکات دواتر بە قۆناغێکی مەترسیداردا ژیان بەرێ دەکات دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی رێگای ژیانی لێ دەگرێت وەك زۆڵی ، بێ دایك وباوکی، هەڵگراوەی، ئەمانەو دەیان نمونەی تر دەبنە بنەمایەکی ترسناك بۆ منداڵەکە، لێرەوە پرسیار گەلێك لەلای منداڵەکە دروست دەبێت ، دەبێ ژیانی بۆ والاکردنی ئەو نهێنی وگومانانە تەرخان بکات، بۆ وەلامەکانی بگەڕێت. ئەی حکومەت بۆ لەبەرامبەر ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی وئینسانیە بێ دەنگە ناکرێت حکومەت چاودێری ئەو منداڵانە بکات کەسێك بەخێویان دەکات ئایا مەترسی نیە ئەو منالانە بەشێوازێکی دوور لەبنەماکانی مافی مرۆڤ وبۆ مەبەستی تایبەتی وسیاسی پەروەردە بکرێن. ئامانجی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری .....هتد، لەپەروەردەکردنی منداڵەکدا هەبێت وەك چۆن لەئەفغانستان وئێران وچەندین شوێنی تردا هەیە. بۆیە باشتر وایە ئەم چیرۆکە هەواڵە وە خەبەر هێنانی دەسەلات وهەموو ئەو خێزانانە بێت کە گرفتی کۆمەڵایەتییان هەیە با ئەو کارەساتە ببێتە هۆکار بۆ هاتنە پێشی دەسەڵات بۆ دروست کردنی لانەیەك بۆ منالانەو ئاشتبوونەوەی هەموو ئەو خێزانانەش بێت کە گرفتیان لەنێواندا هەیە بۆ ئەوەی چیتر منالٌ ودایکەکانیان .نەبنە قوربانی

پێنج ساڵ تەمەن لەگەڵ عشقێکی پڕ درۆ

ئا: ئارەزوو

چی بنوسم، لەکام سەرە داوی ژیانم دەست پێ بکەم، جگە لەهەندێ وشەی دارماوی ناوزیندانی دڵم، کام سەرەداوی تەونی ژیانم بهۆنمەوە ٢٠٠١/٣/٢٨، پێنج شەمە، ئەورۆژە بوو کەچووم بۆ ئاهەنگێکی بووك گواستنەوە، ئەوکاتە تەمەنم ١٧ساڵ بوو، هەستم زۆرپاك بوو، لە ناکاو کەوتمە داوی عشقێکی پڕ درۆ، هەر لەسەرەتای گەیشتنم بەو ئاهەنگە، هەستێك لەدەروونمدا دروست بوو، ئەویش بۆ ئەو کەسەی کە پێنج ساڵ درۆی لەگەڵ کردم، ئەو کەسە مەهدی بوو، زۆر سەرنجی راکێشام، زۆر عاشقی بووم، مەهدیش بەهەمان شێوە. ئەو لەشاییدا بوو، منیش زۆر حەزم لەدەرفەتێك بۆ یەکترناسین، چونکە لەچاوەکانیدا دەم خوێندەوە، چەندە عاشقی منە، ئیتر بۆم رەخساو چومە دەستی، یەکەم سات خۆی پێناساندم، وتی ناوت چیە؟ منیش بێ بیرکردنەوە وتم دەریا، داوای ناونیشانی ماڵمانی کرد، ئەو سەرەتا هەموو ناونیشانی بۆ وتم، کە ماڵیان لە شارۆچکەیەکی نزیکەو دوکانی هەیە، ئەو زۆر کوڕێکی جوانو سەرنج راکێش بوو، تەمەنێکی گونجاوی هەبوو لەچاو تەمەنی من، بۆیە لەیەکەم ساتەوە زۆر بەگرانی عاشقی بووم و کەوتە دڵمەوە و دڵی بردم، بەلام زۆری نەمابوو بۆ تەواو بونی ئاهەنگەکە، من تەنها توانیم ناوی خۆمی پێ بڵێم مەهدی نیشانی ماڵمانی نەدەزانی، دوای ئەوکاتە من مەهدیم نەبینیەوە تا یەك ساڵ، زۆر حەزم دەکرد بیدۆزمەوە و هەمیشە بەدوایدا دەگەڕام، رۆژێکیان لەگەڵ دایکم چووم بۆ شارەکەی ئەوو زۆر هەوڵم دا ببینم، کاتێك بە بەردەمی ئەودا ڕۆیشتم، زۆر سەیرم کرد، بەلام دڵنیا نەبوم، کە خۆیەتی و ئەویش زۆر سەیری کردم و گومانی دەکرد، بەلام دڵنیا نەبوو، دوای ئەوەی گەڕامەوە نیازم بوو لەبیری کەم، هەمیشە بە خۆمم دەوت نایدۆزمەوە، دوای ماوەیەکی زۆر بەهۆی کچێکی نزیکمان کە هاتوچۆی ئەو شارەی دەکرد باسی مەهدیم بۆ کردبوو، ئەویش باسی منی بۆ مەهدی کردبوو، ئیتر زۆر خۆشحاڵ بووم، ژمارەی مۆبایلی خۆی بۆ نارد بووم، ئەو کاتە مۆبایل زۆر کەم بوو، ئەو کات وام دەزانی تازە سەرەتای لەدایك بوونمە، بروام بە خۆم نەدەکرد، بەیانیەك زوو لە خەو هەستام، هەموو گیانم دەلەرزی لە خۆشیان، ویستم تەلەفون بۆ مەهدی بکەم، لە خۆشیا نەم دەزانی چی بڵێم، بەلام ئەوکەسەی جوابی دایەوە، مەهدی نەبوو، بەڵکو ئامۆزاکەی بوو، ئەورۆژە بارانێکی خۆش دەباری، ئاسمان زۆر جوانو پاك بوو، دڵی منیش پربوو لەخۆشەویستیو عەشقی جوان، وەکو ئاسمان، دوای ئەوە کە زەنگم لێدایەوە کەسێك جوابی دایەوە وەکو مهدی بوو، دوای یەك ساڵ هێشتا دەنگی خوش لەگوێچکەمدا مابوو، یەکسەر دەنگیم ناسیەوە زۆر دڵخۆش بووم، زۆر خۆم بەبەختەوەر دەزانی هەستم دەکرد تەنها من لە دنیا هەم هەستێکی شێتیم هەبوو، دوای ئەوەی سلاومان لەیەك کرد، لەگەڵ دەنگی باران و هەوردا منیش گوێم لەدەنگی مەهدی بوو، ئاوازێکی نەگوتراویان دروست دەکرد، ئەو رۆژە زۆر قسەمان کرد باسی رۆژی شاییەکەو ئەوساڵەی لە یەك ونبوینمان کرد، مەهدی وەعدی دا بێت ماڵمان بدۆزێتەوەو من ببینێت ئەوەبو هات بۆلای ماڵمان، منیش لەبەر دەرگا چاوەڕێم کرد بەو ناونیشانەی کەمن پێم دابوو ماڵمانی دۆزیەوە، هەر لەدورەوە یەکترمان بینی، یەکمان ناسییەوە، ئەو ماوەیە کە لە یەك وون بوبوین زۆر بەدوای مندا گەڕابوو، بەلام منی نەدۆزیبۆوە، دوای ئەوەی سێ چوار جار بەتەلەفۆن قسەمان کرد، بەلام منو مەهدی لەبارەی خۆیو رابردو قسەمان بەیەکەوە دەکرد، وەك هاوڕێ وابوین، من رۆژێکیان تەلەفۆنم بۆ کرد ویستم پێی بڵێم ئیتر تەلەفون ناکەین، بەلام ئەو مەجالی منی نەداو کەوتە گفتوگۆو زۆر سەرنجی منی راکێشا بەقسەکانی، وردە وردە لەگەڵ قسەکردنی، دڵی منی، دەردەهێنا، بۆ یەکەمجار پێی گوتم زۆرعاشقی تۆم، زۆرلەدڵەوە خۆشم دەوێیو ئەگەر رازیت، داوات دەکەم، دەمەوێ ببیت بەهاوسەری ژیانمو نامەوێ درێژە بەخۆشەویستی بدەینو مارەت دەکەم، منیش کاتێ گوێم لەم قسانەبوو، زیاتر عاشقی بومو زۆرم پێ خۆشبوو بروام پێ کرد، چونکە هەمیشە خۆی بەئینسانێکی راستگۆو دڵپاك دەزانی، هەمیشە باسی ئەوکەسانەی دەکرد کەرێزی خۆشەویستیو عەشق ناگرن، بۆیە کەداوای لێکردم شوی پێ بکەم، یەکسەرقبوڵم کرد، چونکە زۆرم خۆشدەویست، بەجۆرێك لەناودڵم چەقیبوو زۆرعاشقی بوبوم، عەشقی جوانیو عەشقی قسەکانیو هەڵسوکەوتی، چونکە هەمیشە وەکو پیاوێکی عاقل، حۆی دەنواند، بۆیە هەموو بەیانییەك بەتەلەفوون قسەمان دەکرد، هەموو رۆژانی هەینی دەهات بۆ بینینی من، لەنێوانی منو ئەو هیچ سنورێك نەمابوو، زۆر تێکەڵ ببوین، کەسانی دەوروپشتمو خزمە نزیکەکانم بەو پەیوەندیەیان زانی، من ئەو کات خوێندکار بووم، تادەهات لەوانەکانم دوادەکەوتم، ئیتر وای لێهات دەستم لەخوێندن هەڵگرت، تاکە هیواو ئاواتم خۆشەویستیو گەیشتن بە مهدی بوو، هەموو شتێکی ژیانم فەرامۆش کرد، لەپیناوی عەشقی ئەودا، بە یەکجاری شێتی کرد بووم، منیش زوو دەچووم بۆلایو لە دوکانەکەی زۆر دیاریمان گۆڕیەوە، یادگاری جوانمان دروست کرد بۆ ژیان، هەمو جارێ تەلەفۆنم دەکرد بۆیو پێم دەگووت کەی دێت بۆ داوام؟ بەلام ئەو هەرمنی دەخافلاند، هەمیشە بیانووی دەگرت، ئەم خۆشەویستیە پێنج ساڵی خایاند، بریار بوو تەنها مانگێك پەیوەندیمان هەبێت، دڵم پاك بوو، کەچی درۆی لەگەڵ کردم، ئێستاش دەنگی بارانم خۆش دەوێ، هەمیشە کەگوێم لەدەنگی بارانە، یادی دەکەم رۆژی ناسینم بیردێتەوە، هەمیشە حەزم لەدەنگی موعینە، چونکە شریتەکانم هەموو موعین بوون، کە بەدیاری بۆ مەهدیم برد بوون، ئەویش حەزی لە موعین بوو، چونکە من گوێم لی دەگرت، ئێستا زانیم مەهدی درۆم لەگەڵ دەکاو بیانوم پێدەگرێ، بەلام نەم دەویست لێی جیا ببمەوە، چونکە چارەیەکم نەبوو، هەمیشە دەمویست خۆشەویستیەکەمان نوێ بێتەوە، ئەو هیچ کات نەیدەویست باسی داواکردن بکەم، بەلام زۆر سوێندی بۆدەخواردم دەبێ بۆیەك بین، بەلام لە دەمی خەڵك دەمبیست کە ئەو ژنی هەیە، هەمیشە پێم دەووت کەبەراست پێم بڵێ ژنت هەیە یان نا؟ کەچی هەر نکۆڵی لەبونی ژن دەکردو زۆر سوێندی گەورەی بۆ دەخواردم دەیووت بۆت دەسەلێنم کەژنم نییە، بەلام من زۆر گومانم لادروست بوو، چونکە زۆر جار کەتەلەفونم بۆی دەکرد، ژنێك جوابی دەدایەوە. منداڵو خزمو کەسوکاری مەهدی هەمویان بەم خۆشەویستیەیان زانی بوو، من لەگەڵ هاوڕێکانشیدا یەکترمان دەناسی، لەو ماوەیە زۆرکەس داوای شوکردنیان لی کردم، بەلام من هەموشتێك وهەموکەسێکم فەرامۆش کردبوو، من لەدنیایەکی راستەقینەو مەهدیش لەدنیایەکی خەیاڵیو رۆژبەرۆژ دەگۆڕاو منی ئیهمال دەکرد، وای لێهات قسە کردنی نێوان منو ئەو تەنها ئەوەبوو، بڵێین کە ژنت هەیە؟ نا بەخوا نیمە، هەر تۆ دەبی بەخێزانم. رۆژێکیان تەلەفۆنم بۆ کرد هەڵی نەگرت، حەوت تا نۆ جارم بۆ کرد، وەلامی نەداوە، ئیتر دڵم کەوتە خورپە، ئیتر بۆ ئاخیر جار زەنگم لێدا هەڵی گرت، وەك کەسێکی نەناسراو جوابی دامەوەو هیچیش بەلایەوە گرنگ نەبوو ئەم هەموو زەنگەم بۆ لێداوە، بەراستی زۆر دڵگران بووم، بەم رەفتارەیو وتی من ئاگام لێنە بوو تەلەفۆنت کردوەو هیچ خۆی تێك نەداو وتی بۆچی خۆ ئێستاش هیچ نەبووەو نەشمردووی، زۆر دڵم پربوو یەکسەر مۆبایلم داخستو دەستم کردە گریانو دنیام لەبەرچاوتاریك بوو، دڵم تەنگو فرمێسك لەچاوەکانمدا نەوەستا زۆرخەفەتم خوارد، هەرچاوەڕێی زەنگی تەلەفۆن بووم مەهدی داوای لێبوردن بکات، بەلام دوای یەك هەفتە تەلەفۆنی بۆنەکردم، پاش ماوەیەك دەرکەوت کە ئەو خاوەنی ژنەو ئەو ماوە دوورو درێژە هەر منی خافلاندووە، ئیتر لەوێوە من گیرۆدەی ئەو عەشقە درۆیینەمو ناتوانم لەبیری کەم.

تێبینی: ئەم چیرۆکە زۆر درێژەو لێدوان داوای لێبووردن لە ئامادەکارو کەسی ناوچیرۆکەکە دەکات لە کورتکردنەوەی

خانوێکم دەوێ
ئەگەر لە بازاڕ نزیك بێت باشترە

سدیق عەلی

ئەو خانوەی من دەمەوێ، پێم باشە رووی لە قیبلەو کۆڵانەکەی کۆنکرێت کرابێت، ئاوی هەبێتو مۆلیدەی لێوە نزیك بێت، خۆ ئەگەر کارەبای فولی هەبێت، زۆر چاکترە، ئەگەر لەو شوێنانە بێت، کە هەموو رۆژێ سەمونی گەرمو سەیارەی زبلو غازو نەوتیان پێدا دەچێت، خەیلی مەمنون دەبم، خانوێکم دەوێت، تاپۆیەکەی بەناوی خۆمەوە بێت، تا چیتر دەرکو دوو.. ی نەکەمو ئەو هەموو کرێ خانوە نەدەم، خانوێکم دەوێ کاشیش نەبێت خوا نەیبڕێت، رەنگە پارەی کرینی کاشیەکەو وەستای هاوڕێم هەبێت، بۆم کاشی بکەن، ئەگەر تەپەدۆر بێت، بۆ سەرمای زستانو گەرمای هاوین لەکۆڵ باوەشێنو لینگەفرتێ دەبمەوەو جار جاریش ئەو سپلێتەی بە قەرز دەیکرم، دایدەگیرسێنم، خانوێکم دەوێ لە رووی ئەمنیەوە باش بێت، واتە قسەوقسەلۆکی کەم بێتو شەوانە کەس نەوێرێت، لە ترسی حیمایەکانی ماڵە دراوسێ، بەوێدا بێت، خانوێکم دەوێ، با زەوی نەبێ، چونکە ئەوم نەدراوەتێو موستەفید نیم، خانوێکم دەوێت چوار ژووری خزمەتکارتان بێتو بواری فراوانکردنی هەبێت، تا ئەگەر خزمەتم بۆ حیساب کرا، بتوانم چەند قاتی تری لەسەر دروست بکەمو هەندێکی بدەمە کرێو ماڵە خزمانو چەندێکیشی بۆ ئیسراحەتی ئێواران تەرخان بکەم، کورە.. خانوێکم دەوێت لە بازار نزیك بێتو زێراب سەلکە زەلامان نەباتو ئەگەر لافاو هات، بای بای لە پرێسکەکانم نەکەم، بەلام ئەو مەرجانەی لە منداە هەن، بۆئەوەی ئەو خانوەم بدەنێ: ئەمانەی لای خوارەوەن:

یەکەم: لە هەموو ژیانمدا فیشەکێکم نەتەقاندووەو پێش راپەرین منداڵ بووم.

دووەم: یەك خولەك لەسەر کوردایەتی ژیانم لێ تاڵ نەبوەو زیندانی سیاسی نەبووم.

سێیەم: هیچ خزمەتێکم بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە، چونکە پلەو پایەی وەزیفیم نیەو تا ئێستاش بە بڕوانامەیەکی دەگمەنو باشەوە مەقام دەڵێمو تەعین نەبووم.

چوارەم: بۆیە ئەو خانوە بە رەوای خۆم دەبینم، چونکە هیچ نەخشێکم لە رزگارکردنی کوردستانو دروستکردنی حکومەتدا نیە، چونکە ئەو کاتەی حکومەت لەدایك بوو، منیش ساوا بووم.

پێنجەم: تووشی ئاوارەییو دەربەدەری نەبووم لەسەر کوردایەتیو چرکەیەك پێشمەرگایەتیم نەکردووەو حەرەسیاتم نەگرتووە، پێشتر عەرزم کردن، لە جیلی هەشتاکانمو ئەوانەم وەك خەون بەبین.

شەشەم: کیمیا باران نەکراومو نەیانبردووم بۆ سەربازی بەزۆر.

حەوتەم: کەسمان ئەنفالو شەهید نیە لەپێناو رزگاریداو تەنانەت پەنجەیەکیشمان بەخوێندا نەهاتوە.

ئیتر بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم خانوێکم هەبێ، چونکە زوربەی ئەوانەی خاوەنی زەویو خانوون، ئەو مەرجانەی منیان تێدایە، بۆیە منیش خۆم بە شایەنی ئەوە دەزانم. ئەگەر نا ناچارم کابینەیەکی سەفەری بکرم .